عەدنان کەریم – سەرایەك بۆ ئازادی

ئاوێتە بوون لەگەڵ دنیای جوانی سەنتورو تارو سێتار، رووبەڕووی رۆحێکی پاك، مرۆڤێك ئاوێتە بەبۆنی خاك گەرویەك گراوی چەشنی بابە گوڕ گوڕ، فێنك وەك تافگەیەکی سازگاری بەخۆر، دەنگێك لێوان لێو لە سۆز لەعیشق، هەناسەیەك پڕ لەتاسەو خۆشەویستی بۆ نیشتیمان بۆ خەڵك بۆ خاك، بۆ کوردستان.

ئێوارەیەك، بۆ ژووانی بەهرەمەند بوون لەبۆنو بەرامەی سینگو یەخەی گۆرانی، بۆ دەستهێنان بە پرچی رەش‌و خاوی شەوێکی شانەکراو بەدانەی گەوهەرو لەخەنە دراو بەحەنایی مروارییو، بۆ بینینی روخساری شیعری رازاوە کاتێك خۆی دەکات بەباخی دڵداو لەگەروەوە بەسەماوە ووشە بەوشەو پیت بەپیت خۆی دەکاتەوە بە دیاریی. ئەو ئێوارەیە، ئازادیی بەرگو دەنگو رەنگو سەنگێکی تری هەبوو، پاکو پیاسەو جێژووانو چوونە دەرەوەی ئێواران تامو چێژێکی دی هەبوو، ئەو ئێوارەیە کۆبوونەوەی عاشقان، دیداری پڕ کەیفو خۆشی هاوڕێیان، شکاندنی تاسەی دوورییو دڵداران بەشێوەیەکی تر بو.. ئەو ئێوارەیە، خۆر حەزی نەدەکرد رەنگی زەرد بێتو رووبکاتە کێوان، ئاسمان زووێر بوو لەوەی پەڵە هەورەکانی ئەم هاوینە دیدەی تەڵخو بەرچاووی تاریك بکەن، بۆ ئەوەی هەردووکیان، خۆزو ئاسمان پێکەوە لەتەك سەدان رۆح‌و دڵو دەروونی تامەزرۆ بەهونەر، شەیدای دەنگی رەسەن، بەشداری بکەن لەم چێژە روحییە....

ئەو ئێوارەیە، لەتارانەوە بۆ سنەو ئاویەرو لەوێوە بۆ سلێمانیو لەکانی ئاسکان، ئەوجا بۆ نیشتیمانی سیاچەمانەو هەڵەبجەکەی شاری شاعیران، لەوێشەوە بۆ پێدەشتی گرو کلپە، خاکی ئەنفاکراوی گەرمیان تادەگاتە هەواری جزیری لەدەفەرە قەشەنگەکەی بادینان، حوجرەکانی دەروونی تەنگ رۆشن بوونەوە، بارە سێوەکان لەهەڵبجەوە هاتنو نەچوونەوە، دیار بووە دەیری عیشقو دنیای مەقامات، زەمەن بووە کالایەکی گرانبەها کە حەز بەفەوتانو لەدەست چوون‌و زوو تەواو بوونی نەدەکرا، ژنەفتن بووە ئەو سیفەتەی هەموان وێڵ بوون بەدوایدا بۆ چێژ وەرگرتن لەو زادەی بەو ئێوارەوەختە بووە تووێشوو، بووە ئاو بوو بەنان، دیدە چاوەکان بوونە یەك بۆ روانین لەمرۆڤێك، لەپیاوێك، لەهونەرمەندێك، هەندێك لەخۆشەویستیدا پێی دەڵێن خاڵە عەدنان وەك ئەوەی بڵێی سوار چاکەکەی دەشتی کوێیە وەچاخی کوێر نەبێتو لەوڵاتی گرستانەوە رۆڵەیەکی بۆ کۆڕی هونەر، کاروانی مەقامو گۆرانی رەسەن پێگەیاندبێت، ئەو ئێوارەیە رۆحیانەتی حەزرەتی مەحوی بووە مەقام، سەدای مەردان بووە گوڵاوی گوڵزاری تەرو پاراوی "ئەمشەو"، هەناسەکانی قانع بوونە دانەی گەوهەر بۆ سنگو بەرۆکی کچانی سلێمانی، دڵەکان بوونە سەودا زەدەو بێ سەرو سامان‌و هەموو پێکەوە بوونە غەزەڵخوان،بەچەشنی نەجمەدینی مەلا، هەموان بەچارەو بێ چارە بووینە پەروانەو لەشەوقی دیداری پوڵێك چرای رۆشن لەجێی سوتان دەمان ووتەوە کە ئەو جوانە..... لەگەڵ رۆحیانەتی جزیریشی بۆ شکاندنی تینووێتی گیان‌و دڵ چووینە سەر ئافاکانیاو بۆ بێ مەیلی یاریش هاوارمان دەکرد نەکی توخوا وانەکی. بەڵام داخەکەم رێ نەبوو، بەکامی دڵ ئەو مرۆڤە، ئەو خاوەن دەنگە ئەفسووناوییە، ئەو خاوەن رۆحە ناسکە، لەئامێز بگرین، لەجێی هەر کۆپلەو مەقام‌و بەستەیەك، بەقەد پانتاییو گەورەیی ئازادیی ماجبارانی بکەین.. خۆ ئەگەر بیانهێشتایە، هیچمان نەدەکرد جگە لەدەستگوشین‌و گوڵاو پرژێن کردن بەفرمێسك‌و ئەشك‌و ئەسرین، هیچمان نەدەوت جگە لە سوپاسکردن، دەربڕینی پێزانین، خواستنی هیوا بۆ سەرکەوتن، بۆ بەردەوامیی، بۆ بینینی چەند جارەی سیمبولێکی بەخشینی جوانیی بەکوردایەتی، بەکورد بوون، بەمێژووی گەلێك بیەوێت لەدەرەوەی سیاسەت، لەدەرەوەی کوشتار مەینەتباریی، بگەڕێت بۆ سیمبولەکانی جوانیی.

● لەئێوارەیەکی ئابی پڕ لەبیرەوەریی‌و سەروەریی رۆژی دادپەروەرییدا، لەم سلێمانییە پڕ لە خەم‌و غوبارو خولیاو پەستی‌و بێزارییەدا، لەسەر زەمینی شەهید بوون‌و خاکێکی بەخوێن رەنگکراوی بەگیان‌و جەستە سەوزکراوی ئەم باژێڕەدا، لەدەمێکدا کە ژیان بۆتە ململانێیەکی سەخت‌و قورس لەنێوان هێزەکانی جوانیی‌و باهۆزەکانی قێزەوینیدا، لەساتە وەختێکدا کە جیاوازیی چینایەتی‌و میراتیی کۆیلایەتیی تەنگی هەڵچنیوە بە جەستەی کۆمەڵی کوردەواریی، کە دەردی گەندەڵیی‌و ئافەتیی بێ بەرنامەیی‌و بێ ساحێبی‌و بێ خەمخۆریی بۆتە مۆتەکەو دەستی ناوتە بینەقاقای شەوو رۆژگاری میللەتی بێ دەرەتان‌و نەدار، ئالەم کاتەدا، ئێوارەیەك سەدا گەرو و نۆتەو ئاوازی رەسەنایەتیی بۆ چەند سەعاتێك دەبنە میوانی دڵ، دەبنە بای نەسیم بۆ ئارام کردنەوەی دەروون، دەبنە گەشتێك بۆ ئەندێشە، دەبنە سەکۆیەك بۆ ئازادیی، ئازادیی جەستە لەماندووێتی رۆژگار، ئازادیی دڵو دەروون لە مەینەتییەکانی سەردەمی چەوسانەوەیەکی غەددار، ئازادیی قەتیس بوون لە کونجی تەنگو تاریکی ماڵو حاڵەتێکی نالەبار، ئازادیی دەرچوون لە سەر ئێشەکانی رۆژ بۆ دەستگرتنەوەی گەرمی یارو